# ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7–2000

ژمارە (227) یەکشەممە 4-12 - 2009


## ئەمریکا بە دوای فراکنشتاین دەگەڕێ

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردوە کە ئەمریکا زۆر بە توندی بە دوای ئەبو ئیبراهیم دا دەگەڕێ و وەک دروستکاری بۆمبی چێنراو دەیناسێنێ و ساڵی 1892 دەستی لە تەقاندنەوەی فڕۆکەیەکی ئەمریکیدا هەبووە. دەزگەی هەواڵگری ئەمریکا دەڵێ کە ساڵی 2003 ئەبو ئیبراهیم لەبەر چاوان ون بوو، وا دەزاندرا کە مردوە، بەڵام ئێستا دەرکەوتوە کە دوای روخانی سەدام بەرەو سوریا هەڵاتوە.

بۆب بیر ئەفسەری پێشووی دەزگەیCIA پێیوانە کە ئەبو ئیبراهیم ترسناکترین شارەزای تەقاندنە لە جیهان دا، ئەگەر دەستگیر بکرێ، کردەی تەقینەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کەم بوونەوەو نەمان دەچێ.

ئەبو ئیبراهیم ناوی راستینی خۆی حسێن ئەلعومەریە و ئەمریکیەکان بە دکتۆر فراکنشتاین ناوی دەبەن و لێی دەترسن.


لـ3 فەرنسا لە دژی تورکیا هەڵوێست وەردەگرێ

لـ4 لیستی داخراو یان کراوە؟ کامیان نوێنەرایەتی زۆرینە دەکات؟

لـ5 پرسی کورد لە سەردانەکەی باراک ئۆباما بۆ تورکیا

لـ6 خانمە گۆرانیبێژەکان لە نێوان مەیلی خۆدەرخستن و خواستی بەرپرسان دا

لـ7 کارکردنی ژنان یەکسانی و وەکهەڤی بۆ کۆمەڵ دەگێڕێتەوە


# ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق نایەوێ زیادە بودجەی ساڵی رابردوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەفتەنامەی "ڕۆژی گەل"ی ڕاگەیاند کە نەگێڕانەوەی زیادەی سەر بودجەی ساڵی 2008 لە ڕێژەی 17%ی پشکی هەرێم، کێشەیەکی دیکەی لەنێوان بەغداد و هەولێر دروست کردوە.

سەرچاوەکە پێیوابوو کە نەگێڕانەوەی ئەو زیادەیەی سەر بودجەی ساڵی 2008ی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئاشکرا نەبوونی ئەو داهاتانەی هەرێم بۆ حکومەتی بەغدادو یەکلایی نەکردنەوەیان، بەتایبەتیش داهاتی گومرگەکانی خاڵە سنوورییەکان و هەناردەی نەوتی رەش بۆ ئێران.

هەر لەو بارەیەوە د. فازڵ نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراق بە ئاژانسی هەواڵی ناوخۆی ڕاگەیاندووە کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەیەکی لەپێناو وەرگرتنەوەی ئەو برە پارەیەی هەرێم پێکهێناوە، بەڵام بەهۆی هەندێک کێشەوە لیژنەکە نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک.

هەروەها ناوبراو گوتویەتی: 'لەداهاتوودا لیژنەکە هەوڵدەدات دووبارە دەست بەکارەکانی خۆی بکاتەوە، بەمەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو برە پارەیە هەرێمی کوردستان کەلەلایەن حکومەتی عێراق ماوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەهۆی دابین نەکردنی بودجە پەکی کەوتووە وەک سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەی پێدەکەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داوای 27 ملیۆن دۆلار دەکات، بەڵام بەغداد ئەوە بە ئەرکی هەولێر دەزانێ و داوا دەکای لە ڕێژەی 17%ی هەرێم دابین بکرێت و حکومەتی هەرێمیش دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردنەکان بە ئەرکی حکومەتی ناوەندی دادەنێ.

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە حکومەتی بەغداد بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕیوە تا 9 ملیۆن دۆلار بە کۆمیسیۆنی باڵا بدات و خوازیاریشە کە حکومەتی هەرێم ئەوەی دیکە دابین بکات.



## بکوژانی داریوشی فروهەر و هاوسەرکەی ئاشکرا دەبن

ڕۆژنامەی تەرەفی تورکیا ئاشکرای کردووە کە داریوشی فروهەر و پەروانەی هاوسەری لەلایەن ئەرگەنەکۆنەوە کوژراون.

ڕۆژنامەی تەرەف بە پشت بەستن بەو بەڵگانەی کە لەماڵی مستەفا ئۆزبەگ، سەرۆکی سەندیکای تورک بەدەست کەوتون، نوسیویەتی کە ئەرگەنەکۆن لە 22-11-1998 داریوشی فروهەرو هاوسەرەکەیان لەنێو ماڵەکەی خۆیان دا لە تاران کوشتوە.

جێگەی ئاماژەیە کە داریۆشی فروهەر سەرۆکی پارتی میللەتی ئێران و کۆنە وەزیری کاری ئێران بوو، پشتیوانی زۆری لە دۆزی کورددا دەکرد، کاتێ کوژرا لایەنگرانی حکومەتی ئێرانیان تۆمەتبار کرد.

لەلایەکی دیکەشەوە تەرەف ئاشکرای کردوە کە ئەرگەنەکۆن پلانی کوشتنی گالینا ڤاسیلیاڤنا، ئەندامی پەرلەمانی روسیای دارشتوەو لە 20ی نۆڤێمبەری ساڵی 1998 لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا تیرۆرکراوە.

## هاکپار داوای فیدراڵی بۆ تورکیا دەکا

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی پارتی ماف و ئازادییەکان HAK-PAR ڕای گەیاند پێویستە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵبگیرێت وەک ڕێبازێک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و داوای لە وڵاتانی هەرێمەکەش کرد لە سیاسەتی نکۆڵی لێکردن و توندوتیژی بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە دەست هەڵبگرن و پاشگەز ببنەوە.

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیی پارتی ماف و ئازادییەکان HAK-PAR دوای جڤینی خۆی لە ڕۆژانی 4و5ی ئەم مانگە لە ئەنقەرە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تیایدا داخوازی خۆی بۆ بە فیدراڵیکردنی باکوری کوردستانی دووپات کردەوە، ئەمە یەکەم جارە کە پارتێکی تورکیا ئەو داوایە بکات و باس لە تورکیایێکی فیدراڵی بکات.



بەبێ دەستکاری وەرگیراوە

## ئۆجەلان لەگەڵ یەک پارچەیی تورکیادایە

عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیامێکدا پێشنیاری چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد، لەچوارچێوەی ئاشتی و دیموکراسی و دوور لەکاری توندوتیژی دەکات.

بەگوێرەی ئاژانسی فورات نیوز، ئۆجەلان لە زیندانی دورگەی ئیمرالیەوە ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو بە پارێزەرانی خۆی پەیامێکی بۆ سەرکردایەتی سیاسی تورکیا و هەرێمی کوردستان و پەکەکە ناردووە و داوای چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان دەکات و پشتیوانی خۆیشی بۆ یەکپارچەیی خاکی تورکیا دووپات کردۆتەوە، بۆ چارەسەکردنی دۆزی کوردیش تا مانگی حوزەیرانی داهاتوو مۆڵەتی بە تورکیا داوە. هەر لە پەیامەکەیدا هیوای خواستوە کە ئەو کۆنفرانسەی لە شاری هەولێر بەرێوە دەچێ، ببێتە دەرفەتێک بۆ ڕێکخستنەوەی نیو ماڵی کورد و ببێتە چاوگە بۆ پرسی کوردستان.

## دۆسێی پارێزگای کەرکوک بە دەرەکی دەستپێردرێ

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ی ڕاگەیاند کە تورکمانەکان و عەرەبەکان مەبەستیان لە پەکخستنی مادەی 140 و مادەی 23 ئەوەیە تا دۆسێی پارێزگای کەرکوک بە دەرەکی بسپێردرێ.

سەرچاوەکە دووپاتی کردەوە کە ئەگەر پەلە کورد هێزو شیانی خۆی دەکار نەکات و بەخێرایی کێشەکە یەکلایی نەکاتەوە، ئەوە دۆسێی کەرکوک لە دەست دەردەچێ و بە دەرەکی دەسپێردرێ، ئەوکاتە لەبەرژەوەندی عەرەب و تورکمانەکان تەواو دەبێ، چونکە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا پشتیوانیان لێ دەکەن.

## ڕۆژهەڤ

ڕۆژی 12ی نیسان ڕۆژی بێسەروشوێن کردنی کوردانی فەیلیە، چونکە 29 ساڵ لەمەوبەرو لە 12ی نیسانی 1980 رژێمی بەعس لە تاوانێکی کەموێنەدا هەزاران لاوی کوردی فەیلی راپێچی زیندان کرد، دایک و باوکی ئەوانیشی رەوانەی ئێران کرد. لەو پێوەندەدا ڕێز لە قوربانیان دەگرین، سڵاوی ئەمەک و وەفاداریان بۆ دەنێرین و نەفرەتیش لەو تاوانبارانە دەکەین کە ئەو کارەساتەیان بەسەر کوردانی فەیلی دا هێنا.

ئەو مرۆڤە سڤیلانە بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ، تەنیا لەبەر ئەوەی کە کورد بوون سەرەوت و سامانیان لێ داگیر کرا، لاوەکانیان رەوانەی زیندان و گەورەو منداڵەکانیشیان لەسەر سنووری ئێران رەتێندران و ناچارکران کە بەرەو ئەو دیو بڕۆن.

هەرچەند کە تا ئیستا ژمارەی ئەو لاوە فەیلیانەی کە راپێچی زیندان کران و بێسەرو شوێن کران ساغ نەبۆتەوە، بەڵام حکومەتی نوری مالکی بە 20 هەزار مرۆڤی داناوە، مخابن تا ئێستاش چارەنووسیان نەزانراوەو ئاشکرا نەبووە کە چۆن شەهیدکراون و تەرمەکانیشیان لەکوێ نێژراوە، بەوهۆیەوە بنەماڵەی ئەو قوربانیانە داوای ئاشکراکردنی چارەنووسیان دەکەن، یان راشکاوانەتر بگوترێ؛ دەیانەوێ بزانن روفاتی ئەو شەهیدانە لە کوێ نێژراون و ناسنامەی شەهیدیان پێبدرێ.

کوردانی فەیلی بێ مافترین و چەوساوەترین تیرەی کوردن، وێڕای ئەوەی کە 5 ساڵ بەسەر روخانی رژێمی بەعس تێپەڕیوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئاوڕ لە مەینەتی و ئازارو مافەکانی ئەوان نەدراوەتەوە، بەوهۆیەشەوە گلەیی و گازاندە بە پلەی یەکەم لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان و بە پلەی دووەمیش لە هێزە شیعییەکان دەکەن.

کوردانی فەیلی لەسەردەمی رژێمی بەعس دا دووجار دەچەوسێندرانەوە، جارێک بەهۆی کوردبوون و جارێکی دیکەش بەهۆی شیعەبوونیان، ئێستا ئەو دوانە لە بەغداد فەرمانڕەوان و ئاوڕیش لە کوردانی فەیلی سەتملێکراو نادەنەوە. تا ئێستا رەگەزنامەی عێراقیبوون بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی فەیلی نەگێڕدراوەتەوە، تا ئێستاش زۆرێک لەوان موڵک و زەویەکانیان وەرنەگرتۆتەوە، وەک خۆیان دەڵێن؛ هەست بە نامۆیی و بێ کەسی دەکەن.

کوردانی فەیلی بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی کوردن، کێشەکەیان کێشەی تێکڕای کوردستانیانە، دەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەخێرایی خاوەندارێتیان لێ بکەن.